ئەنجومەنی وەزیران 11ی تشرینی دوەمی 2025 وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دیاری دەکات

لەکۆبونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە درێژکراوەی کۆبونەوەکەی دوێنێ بو، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاریکرد کە بەپێی وادەکە 11ی (تشرینی دوەم/11)ی ئەمساڵ پرسەکە ئەنجامدەدرێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ چوارشەممە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنکی بە سەرۆکایەتی محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران ئەنجامدا، بۆ تەواوکردنی کار و بیارکانی دوێنێی ئەنجومەنکە.
لەکۆبونەوەکەی ئەمڕۆدا دەنگدرا لەسەر دیاریکردنی 11ی (تشرینی دوەم/11)ی 2025 وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

لەکۆبونەوەکەی دوێنێدا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا ژمارەیەك بیاری دەرکرد، یەکێك لە بیارەکانیش جێبەجێکردنی خواست و داواکاریەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بو.